




# ڕوانگە.. هەنگاوێك بەرەو نوێكردنەوە

شێركۆ بێكەس

ئێمە ئەوكاتە كۆمەڵێ هاوڕێ بووین و بەهۆی كارو بژێویی ژیانەوە، لە بەغدای پایتەخت ئەژیاین. بەر لە (ڕوانگە) سیاسەت نائومێدی كردبووین. هەریەكەیشمان لە ئاقاری ئایدیۆلۆژیای جیاجیاوە هاتبووین و یەكمان گرتبووەوە، بەڵام ڕۆحی شیعر و ئەدەب بە گشتی لە ناوماندا زاڵ و خولیای سەرەكیمان بوو.

ئێمە پاشخانی ڕووناكبیریمان سنووردار بوو. لە دوای زمانی كوردی، سەرچاوەی گەورەمان زمان و ئەدەبی عەرەبی بوو. بەغدای پایتەخت، لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی ڕابوردوودا پوورەهەنگێ بوو بۆ جموجووڵی ئەدەبی و رووناكبیری، ئەم شارەیش بە بەراورد لەگەڵ شارە بچووكەكانی كوردستاندا، ئاسۆی تازەی لە بەردەمدا كردینەوە. شانۆی تازە، فیلمی تازە، كۆڕی شیعری و لێكۆڵینەوەی ئەدەبی،

# یەکەمین بەیانی (ڕوانگە) هیچ قوڵاییەکی ئەدەبی و مەعریفیی تێدا نەبوو. تەنها جاڕدانێك بوو بۆ نوێخوازی و بەزاندنی زمانی تەقلیدی

پێشانگەی شێوەکاری، تیپی سەمفونیای عیراقی، بە سەدان کتێبی وەرگێڕدراو لە زمانە گەورەکانی دنیاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، گۆڤارە سەنگینەکانی میسرو لوبنانو سوریاو کوێت، لەو سەردەمەدا چ لە عیراقو چ لە وڵاتە عەرەبییەکان مەسەلەی (نوێخوازی) ڕووبەرێکی فراوانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا داگیرکردبوو، تەنانەت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ناو چایخانەکاندا دەمەتەقێ لەم بارەیەوە گەرم و بەردەوام بوو. لە بەغدا تێکەڵاوبوونمان لەگەڵ ئەدیبە نوێخوازەکاندا عەقڵی باشتر کردینەوە. لە ساڵی (١٩٦٩)دا دەستەیەک لە شاعیرە نوێخوازەکانی عیراق، بەیانێکی ئەدەبییان ڕاگەیاندو گۆڤارێکی تازەیشیان بە ناوی «شعر ٦٩»وە دەرکرد. ئەمانەیش کاریگەریی خۆیان هەبوو لەسەر ئێمە. بە پێچەوانەی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە کە لە عیراقدا جموجوڵ و داهێنان لە هەموو بوارەکانی شیعر و چیرۆک و شانۆدا لەوپەڕی هێزو گوڕی خۆیدا بوو، لە کوردستاندا ئەو خوێنە مەیی بوو. ئەتوانم بڵێم هیچ بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕووناکبیری نەبوو. گۆڤارو ڕۆژنامە لەجێی نەبووان بوون.

شیعرو چیرۆکی کوردی لە سیسبووندا بوون، تا کۆتایی شەستەکان هیچ ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی ئەدەبی نەبوو، بەر لە دروستبوونی یەکێتیی نووسەرانی کورد، تاقە کۆمەڵەیەک کە ناو بە ناو چالاکییەکی هەبوو «کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی» بوو، کە ئەویش هەر لە بازنە تەقلیدییەکاندا ئەسوڕایەوە.

بیرۆکەی دروستبوونی (ڕوانگە) لەسەر مێزی شەوانەی ئەبو نەواس و یانەکانی بەغداوە باسی لێ دەکرا. لەو ڕۆژگارانەدا نوێخوازی و داهێنان بە تەنها مەراقی گەورەی ڕوانگەییەکان نەبوون، بەڵکو چەندین شاعیرو ئەدیبی تر کە لەگەڵ ئێمەیشدا نەبوون، ئەوانیش ڕوویان کردبووە هەمان ئامانج، لە شاعیرو نووسەرە دیارەکانی ئەو قۆناغە، کە هەندێکیان لە بەغداو هەندێکی تریان لە کەرکوک بوون، بەردەوام لە خولیای تازەکردنەوەی شیعرو دۆزینەوەی زمانێکی تەعبیریی نوێدا بوون، لەوانە (لەتیف حامید، لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی، هەروەها عەبدوڵڵا پەشێو و ئەنوەر قادر محەمەد) بوون. دیارە لە جیلی دووەمی ڕوانگە خویشی و لە ئێمە لاوتر شاعیرانی وەکو (سەلاح شوان و سەلام محەمەد) هەڵکەوتووبوون. لە ڕاستیدا هەر وەکو زۆر جاری تریش ئاماژەم پێداوە، ئێمە تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو بەرهەمەکانمان، ئەو نوێخوازییەی باسمان ئەکرد، هێشتا نەپشکوتووبوون. هێشتا بە تەواوی نەکەوتبوونە سەر پێ یان نەخەملی بوون، بۆیە (قسەمان) لە «بەرهەمەکان» گەورەتر بوون!.

یەکەمین بەیانی (ڕوانگە) هیچ قوڵاییەکی ئەدەبی و مەعریفیی تێدا نەبوو. تەنها جاڕدانێک بوو بۆ نوێخوازی و بەزاندنی زمانی تەقلیدی. لەم بەیانەدا ئەوەندەی ڕۆحێکی پەرۆشو بە هەڵپە ئەبینین بۆ تازەکردنەوە، ئەوەندە شیکردنەوەو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆ و هۆکارەکانی ئەو چەقبەستنەی زمان نابینین، وەلێ لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەوەی وەک سەرئەنجام بۆ ڕوانگەییەکان ئەمێنێتەوە «دەستپێشخەرییەکی ئازایانە بوو بۆ ئەوەی یەکەمین پرسیاری نوێخوازی بوروژێنن». بەیانەکەی ڕوانگەو نێوەندی ئەدەبیو ڕووناکبیریی ئەو ڕۆژگارەدا گۆمێکی مەندی شڵەقاند، هەر کەسەو بە جۆرێک ئەم بانگەوازەی لێک ئەدایەوە. دیارترین پەچەکرداریش هەموو چەپەکانی ئەوکاتە، هەموو ئەوانەی لەژێر چەتری ئایدیۆلۆژیای «مارکسی لینینی»دا کۆبووبوونەوە، بە توندی

لە بەغدا تێکەڵاوبوونمان لەگەڵ ئەدیبە نوێخوازەکاندا عەقڵی باشتر کردینەوە. لە ساڵی (١٩٦٩) دا دەستەیەک لە شاعیرە نوێخوازەکانی عیراق، بەیانێکی ئەدەبییان ڕاگەیاندو گۆڤارێکی تازەیشیان بە ناوی «شعر ٦٩»وە دەرکرد. ئەمانەیش کاریگەریی خۆیان هەبوو لەسەر ئێمە

بەگژیدا چوونەوە، کە لە ڕاستیدا ئەبوو بە پێچەوانەوە بێت. وەلێ ئێمە لە دواییدا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە بەشێک لەو چەپانە وا تێگەیشتبوون کە (ڕوانگە) مەرامێک یان پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژیی سیاسیی لە پشتەوەیە، بەڵام دواتر ڕۆژگار دەریخست کە ئەو بۆچوونانە هەڵەبوون.

لە ڕاستیدا ئەوەی بەلای ئێمەوە زۆر گرنگ بوو: چۆن بتوانین زمانێکی تەعبیریی تازەتر و جیاواز لە زمان و فەرهەنگی «گۆران» لە شیعری تازەدا بخولقینین؟ هەروەها پەخشان و چیرۆکی کوردی، تەکنیکی ئەم هونەرە، تەکنیکی گێڕانەوە، هەمەلایەنترو فرەڕەنگترو بەرفراوانتر بکەین؟. هەر وەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، ئێمە لە سەرەتادا، هەر «هاوار»مان بۆ تازەکردنەوە هەبوو، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ لەو ئامانج و ئاسۆیانە نزیکتر ئەکەوتینەوە! من بۆخۆم لە دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)دا (١٩٧٤)، بەتایبەتی لە پێنج شەش قەسیدەدا، زمانی شیعریم زمانی دیوانەکانی سەرەتام (تریفەی هەڵبەست) و (کەژاوەی گریان) نەبوون. چووبوومە ناو ئەزموونێکی تایبەت بە خۆمەوە. لێرەوە جیاواز لە ڕابوردووم خۆم هەڵشێلابووەوە. ئەم گۆڕانە لە هەڵکشاندابوو، لە ناوەڕاستی (١٩٧٥)دا دوای نووسینی قەسیدەی (کۆچ) هەستم بە وەرچەرخانێکی گەورە کرد لە هونەری شیعرنووسینمداو ئەوەی سەرەتای حەفتاکانو بەیانەکەی ڕوانگەدا بۆ نوێخوازی خۆزگەم بوو لە قەسیدەکانی (کۆچ) و (برایمۆک) و (گۆرانی بەفرو منداڵیم)ەداو هەروەها لە دیوانی (کازیوە)دا هاتنەدی!

لە ڕووی پارەو پول و گیرفانەوە زۆر بە زەحمەت و بە یارمەتیی چەند ئەدەبدۆستێ توانیمان سێ ژمارەی گۆڤاری (ڕوانگە) دەربکەین، ئەگەرنا ئێمە ئەمانتوانی باشتر بەردەوام بین و بە قەبارەی زۆر گەورەتر و بە ناوەڕۆکیش زۆر دەوڵەمەندتر (ڕوانگە) دەربکەین!.

لەلایەکی تریشەوە وەنەبێ (ڕوانگە) بە تەنها بریتی بووبێ لە هەوڵدان بۆ گۆڕانێکی شکڵی و هونەری، بەڵکو لە هەمان کاتدا دیدی تازەکردنەوە لای «ڕوانگە» جۆرێک بوو لە بەگژداچوونەوەی سەلەفییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیش، چونکە تازەکردنەوە بەرلەوی لە ڕواڵەتی دیاردەکاندا خۆی بنوێنی، پێویستە تازەکردنەوەی ناو عەقڵ و جیاوازیی دیدو بۆچوون بێت. تازەکردنەوە لە بیرکردنەوەی تازەوە دێت. لە ڕوانینی تازەوە بۆ ژیان، شیعری تازە بەر لەوەی پەیوەندیی بە کێشی عەروز و کێشی برگەو پەنجەوە هەبێت، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە گۆڕانی دنیابینییەوە هەیە. ئەگەر ئەم گۆڕانە نەبێت، گۆڕانی شکڵیش چ مانایەکی نابێت. بە کورتی لەو سەردەمەدا نوێخوازی لای ئێمە، مانای شۆڕشگێڕی و یاخیبوون و شکاندنی پەیوەندییە تەقلیدییەکان بوو. مانای یەکسانی و ئازادیی ژن بوو. ڕەتکردنەوەی فیکری سەلەفی بوو بە هەموو مانایەک. دووەم بەیانی «ڕوانگە»یش ئاوێنەی ئەم بیروبۆچوونە تازانە بوو. دوای تێپەڕینی ساڵێک بەسەر بەیانی ڕوانگەی ئەدەبیدا. ئەوکاتەی مەسەلەی ئازادیی ژن لەلایەن کۆمەڵێ مەلاوە کەوتەر بەر شاڵاو و پەلاماردان و تەکفیرکردن، ئەوەبوو ئێمەیش بە ناوی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) بەیانێکمان دەرکردو بە توندی وەڵامی ئەو مەلایانەمان دایەوە. ئەم بەیانە لەو ڕۆژگارەدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو. بۆ تەکفیرکردنیشمان ناومان بە دەرگای مزگەوتەکانی سلەیمانیدا هەڵواسرا. مەترسییەکی زۆر بۆ سەر ژیانی هەر یەکێکمان دروستبوو. بەلای

# لەو سەردەمەدا نوێخوازی لای ئێمە، مانای شۆڕشگێڕی و یاخیبوون و شکاندنی پەیوەندییە تەقلیدییەکان بوو

منەوە ئەم بەیانەی ڕوانگە شەڕی نێوان نوێخوازان و سەلەفییەکانی کوردی بۆ یەکەمجار هێنایە نێو گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانەوە، کە تا ئەو کاتە بەو شێوەیە نەبینرابوو. ڕەنگە ئەمەیش بەڵگەیەکی زیندوو بێ کە نوێخوازی لای ئێمە بە تەنها نوێخوازیی ناو بازنەی وشەو ڕستە نەبوو، بەڵکو مەسەلەی ئازادی و ئازادیی ژن بوو بە تایتڵێکی گەورەی سەر ناوچەوانی ڕوانگە!. دیارە گەنجانی ئەو سەردەمەیش لە پێش هەمووانەوە پێشوازییان لەم بەیانەی ڕوانگە کرد. بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان و هونەرمەندانی نوێخواز، شانۆکاران، هونەرمەندە تەشکیلییەکان پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕوانگە ڕاگەیاند. لەملایشەوە دەسەڵاتی کوردی لە شاری سلێمانی، کە ئەوکاتە خۆی لە موتەسەڕیفی سلەیمانیدا ئەبینی، کە کاک عەلی عەبدوڵڵا بوو، گوشاری زۆری خستینە سەرو هەڕەشەی دەستگیرکردنی لێ کردین.

ڕوانگەییە ئەسڵییەکان کێ بوون؟! مەبەستم لەو ئیمزایانەیە کە لەسەر بەیانی یەکەمی ڕوانگە کرابوون. وەک دەستەی یەکەمی ڕوانگە ئێمە چوار کەس بووین، کە ڕۆژانە و شەوانە بەردەوام یەکترمان ئەبینی و لە خولیای دەرکردنی بەیانەکەدا بووین. لەو سەردەمەدا لە هەموومان دیارترو بەناوبانگتر. کاک (حسەین عارف)ی چیرۆکنووس بوو. ئەتوانم بڵێم دینەمۆی بزووتنەوەی ڕوانگە ئەوبوو، ئەزموونی سیاسی و دنیابینیشی لە هەموومان زیاتر بوو. لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا لە پێشبڕکێیەکی ئەدەبیی گۆڤاری (شەفەق)دا چیرۆکەکەی ئەو (چای شیرین) بە یەکەم دەرچوو. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی ناو و ناوبانگی ئەدەبیی (حسەین عارف) گەورەتر بکات. خوالێخۆشبوو (جەلال میرزا کەریم)ی شاعیر ئەویش بەر لە ئێمە دەستی بە شیعرنووسین کردبوو، شیعرەکانی (جەلال) لەو سەردەمەدا درەوشاوە بوون و بە شێوەی تازەی (گۆران)یش شیعری ئەنووسی. بەشی زۆری شیعرەکانی، لە خەمی خۆی و خەمی مەسەلەی ئازادی و نیشتماندا ئەتوانەوە، هێمن و لەسەرخۆ بوو، تەواو پێچەوانەی سروشتی پڕ لە بزۆزی و بەهەڵپەی من بوو. (کاکە مەم بۆتانی) ی چیرۆکنووس، لەو کاتانەداو بەتایبەت لە چیرۆکی (بوومەلەرزە لە گۆمێکی مەنددا ) کە دواتریش بوو بە ناونیشانی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی ئەو، لە نێوەندی ڕووناکبیریی ئەو کاتەدا دەنگدانەوەی خۆی هەبوو. شێوازی نووسین لای کاکە مەم، بە ڕەمزو ڕەمزکاری تەنرابوو، خوێنەری ئاسایی بە ئاسانی سەری لەو هەموو گەمەی ڕەمزانە دەرنەئەچوو. هەروەها منیش لەگەڵیاندا کە هێشتا لە سەرەتای ڕێگەی نوێخوازی و تازەکردنەوەدا بووم. کاک (جەمال شارباژێڕی)ی شاعیر لەو سەردەمەدا ناوی شیعریی ئەو لە ئێمەومانان باڵاتر بوو، کە کاک (جەمال) ئەوەندە تێکەڵی ئێمە نەبوو، بە وردیش ئاگای لە دەمەتەقێی ناو ئێمەو چۆنیەتیی سەرهەڵدانی ڕوانگە نەبوو. لە ڕاستیدا ئێمە پێویستمان بە ناوی شاعیرێکی وەکو ئەو بوو بۆ ئەوەی باشتر گوێمان لێ بگیرێ، لە ڕاستیدا ئێمە لە جەوهەری باوەڕهێنانەوە بە (نوێخوازی) یەکمان گرتبووەوە، ئەگینا لە ڕووی بیرباوەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە جیاوازیمان زۆر بوو. بۆ نموونە من لەو سەردەمانەدا گەنجێکی نەتەوەیی ڕادیکالی بووم، کەچی (حسەین عارف) کە بە تەمەنیش چەند ساڵێ لە من گەورەتر بوو، کەسێکی مارکسی لینینی و چەپێکی تەواو ڕادیکال بوو. (حسەین عارف) لەو سەردەمەدا (ئاگرێ) بوو بۆ خۆی، یاخی بوو هەموو کۆت و پێوەندێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی. ڕوانگە

وەنەبێ (ڕوانگە) بە تەنها بریتی بووبێ لە هەوڵدان بۆ گۆڕانێکی شکلی و هونەری، بەڵکو لە هەمان کاتدا دیدی تازەکردنەوە لای «ڕوانگە» جۆرێک بوو لە بەگژداچوونەوەی سەلەفییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیش، چونکە تازەکردنەوە بەرلەوی لە ڕواڵەتی دیاردەکاندا خۆی بنوێنێ، پێویستە تازەکردنەوەی ناو عەقڵ و جیاوازیی دیدو بۆچوون بێت

بۆ هەموومان جێی هەناسەدانێکی تازە بوو، بەڵام ئایا خوێنەرو خەڵکی ئەو سەردەمە بە چ شێوەیەک پێشوازییان لە ڕوانگە کرد؟ وەک هەموو دیاردەیەکی ئەدەبیی تازە یەکەمین قسەی بەشی زۆری خوێنەران ئەوە بوو کە «ئەوان لەو شیعرو چیرۆکە تازانە ناگەن»، داوای ئەوەیان ئەکرد کە «ئاسانتر بنووسین»، بەڵام ڕوانگەییەکان بەر لە خوێنەرو خەڵکیش، خەمی «داهێنانی تازەیان» بوو.
دەستەیەک شاعیرو ئەدیبی تر هەبوون کە من ناوی دەستەی دووەمی ڕوانگەیان لێ ئەنێم، ئەوانەیش بریتی بوون لە کاک «سەلاح شوان»ی شاعیرو کاک «سەلام محەمەد»ی شاعیرو هەروەها «سامی شۆڕش»و کاک «عەبدوڵڵا عەباس»یش لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لەو شاعیرانەی کە تازەکردنەوە خولیای بوو. لە بەیانی دووەمی ڕوانگەدا واتە «ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن» چ خەڵک بە گشتی و چ گەنجانی ڕووناکبیری ئەوکاتە زۆر بە گەرمی پشتیوانییان لە ڕوانگەییەکان ئەکرد. لەوکاتەشدا تاقە ڕۆژنامە (هاوکاری) بوو کە ئەو مشتومڕو نووسینو وتارانەی بڵاوئەکردەوە کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی ڕوانگەوە هەبوو. بیرمە وەختێ هەفتانە لەوکاتەدا (هاوکاری) ئەگەیشە کتێبخانەی (گەلاوێژ)ی سلەیمانی ڕیزی بۆ ئەگیرا. لە ئیستەدا پرسیاری گەورە ئەوەیە وەک سەرئەنجام ڕوانگە چیی کرد؟!
بەلای منەوە بەردێکی بناغەی نوێخوازایی دانا، بێدەنگییەکی شڵەقاند، پرسیاری تازەی ورووژاند. ڕوانگەییەکان لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٧٥)دا زمانێکی تەعبیریی تازەتر، وێنەی شیعریی لەوەوبەر دەست بۆ نەبراو، ڕستەی یاخی لە زمان و ڕێزمان خۆی، بەوجۆرەی کە خوێنەر تووشی سەرسامی و ڕامانێکی قوڵ بکات، بەوجۆرەی ئەچێتە ژێر ڕکێفی عەقڵی شیعری تەقلیدییەوە، ئازایەتی لە دەربڕیندا، تەماشاکردنی کولتوور لە چاوی ڕەخنەگرانەی سەردەمەوە، دوورکەوتنەوەی لە دروشمی زەق و باو، نەکردنەوەی هەموو دەرگاکانی زمانی دەربڕین، بە کورتی (ڕوانگە) بۆ ڕۆژگاری خۆی ڕاچەنینێک بوو لە جەستەی زمانی کوردی و واقیع خۆیدا. دیارە لەگەڵ تێپەڕینی ساڵدا ئەم شتانە قوڵترو کامڵتر بوونەوە. مەبەستیشم هەر ئەوە نییە بە تەنها لای ڕوانگەییەکان ئەم هەوڵدانانە بۆ تازەکردنەوە هەبووبن، (لەتیف حامید و لەتیف هەڵمەت و شاکەلی و ئەنوەر قادر محەمەد و پەشێو و هەندێکی تریش لای خۆیانەوە خاوەن داهێنانی تازەی خۆیان دەبوو. ئەم جۆگانە وەک ئاکام هەرهەموو ئەڕژانە گۆمە گەورەکەی نوێخوازییەوە!. بەڵام هێشتا پرسیارێکی تر ماوە.
ئەی لایەنی تاریک و ناجۆری ڕوانگە چی بوون؟!
بە بڕوای من لە سەرەتادا (پەلەکردنێ) بە یەکەمین بانگەوازی ڕوانگەوە دیارە، کە ئەویش سادەیی و قوڵنەبوونەوە بوو لە دنیای نوێخوازیدا. خۆزیا چەند ساڵێ دواتر ئەو بانگەوازە دەربچوایە. من دڵنیام زۆر کۆکتر و بەهێزتر ئەبوو. ئەمە جگە لەوەی بۆ ئیدیعاکانی نوێخوازیش بەرهەمی داهێنەرانەی باشتر لەبەر دەستا ئەبوو. ئێمە لەو کاتەدا پاشخانی ڕووناکبیریمان دەوڵەمەند نەبوو. بە بڕوای من ئەمە گەورەترین جیاوازیی نێوان ئێمەو شاعیرانی عەرەبی (٦٩)ی عیراق بوو. ڕوانگە هاوارێ بوو دیواری بێدەنگیی شکاندو گۆمی بێجووڵەی شڵەقاندو گومانی خستە جێی دڵنیایی!.

٢٠١١/٩/٢٩